www.kurdistannet.org
23-3-2003 23:17

الاتحاد العام للاجئين العراقيين
THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

**راگەیاندنی رۆژنامەگەری – ٢ -**

## تەنها جەبهەی سێهەم دەتوانیت ڕێ بەم بەربەریەتە بگریت !

ئەمرۆ لە لە سەرتاسەری جیهاندا جاریکی تر ملیونەها ئینسان بە توندی ناڕەزایەتی خۆیان دژ بە شەڕو کوشتاری خەلکی عیراق دەربڕی. هاوکات لە فنلاندیشدا لەلایەن گروپی (( نابۆ شەڕ )) ەوە خۆپیشاندانیك بەرپا کرا کە زیاتر لە ١٠هەزار کەس تیدا بەشدرای کرد، کە نزیك بە 7 هەزار کەسیك لە خۆپیشاندانی هیلسنکیدا بەشداریان کرد. وە هەزاران کەسی تر لەم خۆپیشانەی ئەمرۆدا بەشدرای کرد لە شارەکانی تری وەك: یوفاسکیولا، تامپرە، هەلتهی، ئەولو، یۆنسو، پۆری، تورکو، کۆپێۆ. . . شایەنی باسە ژمارەیەکی زۆر لەخۆرنالیستی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی فنلاندو چەند ولاتیکی تری جیهان تیدا بەشداریان کرد.

لەم خۆپیشاندانە سێ ووتاربیژ بەشدرای کرد کە یەکیکیان، ریبوار عارف سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەریپەنابەرانی عیراقی بوو. کە ئەمە بەشیك لە قسەوباسەکانی یەتی : هاوری یان دۆستانی بزوتنەوەی دژ شەڕو نەزمی نوێی جیهانی، پاریزەرانی مافی مرۆڤ سلاوتان لێ بیت. وەك دەبینین کە سەر لەبەیانی ئەمرۆ کارەساتیك خولقا کە نەدەبوو بخولقیت وە بەو شیوە بەربەریەتیکیان خۆلقاند.

چەندین دەهەیە خەلکی عیراق لە سایەی شەڕو کوشتاردا بەملیون ئیمسان گیانیان لەدەست داوە لە شەڕی ئیران وعیراق دا، لەشەری خەلیج، وەبەهۆی گەمارۆی ئابووری یەوە، ئیستەش جاریکی تر حکومەتەکەی جورج بوش بە خولقاندنی ئەم بەربەریەتە جیهانی ڕوو بەڕووی مەترسی یەکی تر کردەوەتەوە. وەك دەبینین کە ئەم حکومەتی جوربوش چون ئەمرۆ زەنگی کوشتاری سەدان هەزار ئینسانی تری لیدا، ئەم شەڕە هیچ بنەمایەکی عدالەت و دیموکراسی و مافی مرۆڤ نی یە و دەبیت دەست بەجی کوتایی پێبێت. ئامانجی ئەم بۆردمان و کوشتارەش تەنها بە هیز کردنی نەزمی نوێی جیهانیە. . . .
ئەم شەڕە تەنها دژ بە خەلکی عیراق نی یە بەلکو دەستدریژی یەکە بۆ سەر هەموو مرۆڤایەتی، ئەم شەرە قین و کەف کۆلی ناسیونالیزمی عەرەب بەهیز دەکات و بە توندی یەك دەوەرەی تر جەریاناتی تیروریستی ئیسلامی فعال دەکاتەوە . . .
شایەنی باسە لەم ڕۆژەدا ٧ کەناڵی ڕادیۆو رۆژنامەی محەلی وسەرتاسەری فنلاندو هەروەها ڕادیویەکی ئیستۆنیا چاوپیکەوتنیان لەگەل ریبوار عارف ئەنجادا، لەوانە دوو چاوپیکەوتن لەگەل رادیوی سەرتاسەری فنلاند، رادیوی سەرتاسەری سویدی زمان، رۆژنامەی سەرلەئیواران، و هاوکات چاوپیکەوتینیك لەگەل (STT) ئەنجامدرا کە بە گشتی چاوپیکەتنەکانی ئەم دەزکایە بۆ نزیکەی ١٥٠ رادیو رۆژنامە دەروات.

سکرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەی پەنابەرانی عیراقی
٢٠ / ٣ / ٢٠٠٣

Address: PL 3
00391 Helsinki - Finland
fediraq@welho. com
Fax : 00 358 9 241949